# تەختەی وێنەکان


## ژمارە I



خانی ئەحمەد ئبن هاشم



. (Freiherrn von Oppeneim) خانی ئەلعەسەل لە حەلەب گەشتی




دەروازەی خانی ئەلعەسەل (هەمان چاوگ)


## تەختەی ژمارە II



دەروازەی خانی ژەنگارگەشتی (Freiherr von Oppenheim 1913)




خانی بارور لە تەقتەق (هەمان چاوگ)



خانی بارور لە تەقتەق (هەمان چاوگ)

# تەختەی ژمارە III




دەرواز



راڕەوی پشتێر

خانی ناسریە لەسەر جادەی بەغدا–حلە




دیمەنی حەوشەی خانی ئەسەد لە بەغدا




دەروازەی خانی بەنی سەعد لە بەغدا


# تەختەی ژمارە IV



خانی بێستوون لە ئێران (Fr.Sarre)وێنەی گرتووە



خانی ئۆبروك (Sarre:Reise in Klein-Asien,Berlin 1898, Dietrich Reimer)




خانەکەی گوندیار(هەمان چاوگ)


## تەختەی ژمارە V



خانی ئاسكی سەروژ(Serudj)




دیمەنی حەوشەی خانی ماردین




دیمەنی حەوشەیخانی حاجی قاسماغا لە موسل

## تەختەی ژمارە VI



دیمەنێك لە حەوشەوە بەرامبەر دەروازە لە خانی ئەلوەزیر لە حەلەب






دیمەنێك لە حەوشەوە کە هەیوانیشی تێدا دیارە لە خانی هۆپە لە حەلەب


## تەختەی ژمارە VII



خانی ئۆرتمەی بەغدا- شەپکەدیواری رۆژهەڵات و بنمیچە چەماوەکانی




دالانی دەروازەی خانی حاجی قاسماغا لە موسل




خانی ئۆرتمەی بەغدا

# تەختەی ژمارە VIII




**وەکەلای (وەقف الله) قەیت لە قاهیرە**



میحرابەکەی خانی مەحاویل


# تەختەی ژمارە IX



بیری ئاو لە خانی بارود لە بەیروت




دیمەنێکی حەوشەی خانی گومروك لە ئورفە کە جۆگای ئاوەکەشی تێدا دیارە



قاوەخانەکەی خانی مەحموودیە

# تەختەی ژمارە X



خانی سابوون لە حەلەب



حەوشەو دەزگای ئاودەستخانە لە خانی حامات لە نەجەف

# زانيارييكى كەم لە بارەى چەند كاروانسەراييكى كوردستان

## خانەكانى ناو شارى هەولير

لە كتيبى (هەولير- لە يادى سەد سالەى دامەزراندنى شارەوانى هەوليردا- ١٨٨٥-١٩٨٥) سەرپەرشتى و ريكخستنى (تەحسين چيچۆ و شيرزاد قادر) كە لە ١٩٨٥ ئەمانەتى رۆشنبيرى و لاوان يارمەتى لە چاپدانى داوە لە لاپەرە ١٤٦-١٤٧ ناوى چەند خانيكى هەولير تۆماركراوە، ليرە وەكو خۆى دەينووسينەوە:

خان بريتى بووە لە حەساريكى گەورە لە ناو شار (واتە بازار) بۆ وەستان و سانەوەى وڵاخەكانى ريبواران و ئەوانەى كە لە گوندەكانا بەيانيان دەهاتن بۆ شار، جا "دار، رەژوو، بەفر، ماست، كەنگر، تولكە، پيفۆك، كاردى، كا، گەنم و جۆ، كاريتەو شەقرە"يان دەهينا –وڵاخەكانيان لەم خانانەدا دەبەستايەوە و ئاليك و ئاويان دەرخوارد دەدان، خانەكان زۆربەيان دوو نهۆم بوون، گەر ريبوارەكان شەو لە هەولير بمابانەوە لە نهۆمى سەرەوە دەخەوتن، ئەو خانانەى كە لە يادى تەمەندارەكان ماون، ئەمانەن:

١-خانى سپى: ئەم خانە شوينەكەى تەنيشت باتاى ئيستا بووە، ديوارەكەى بە قورى سپى سواق درابوو، بۆيە (خانى سپى)يان پىَ دەوت، جگە لە ريبوارانى دەشتى هەولير حوشترەوان بە بارە خويوە لەم خانەدا دادەبەزين بۆيە دەرگاى قەنتەرەكەى زۆر بەزر بووە.

٢-خانی حەسەن بییرام: ئەم خانە شوینەکەی جیگەی (فندمیرگەسۆر)ی ئیستا بوو، زۆر سەوزە و میوەی بە بارەوە لە لایەن خۆشناوەکان لی دەخراو لە گوندی (سوسیَ)ی خۆشناوەتی لە هاوینان بەفریان لەناو باری کادا دەهینا بۆ ماستاوفرۆش و شەربەتفرۆشی شار بە تایبەتی.

٣-خانی عوسمان کەردز: ئەم خانە شوینەکەی پشت بانقی رافیدەینی سەرەکی بووە، بە تایبەتی رەژووفرۆشەکان لەویَ باریان دەخست.

٤-خانی سلیمان خدری گیچفرۆش: ئەم خانە شوینەکەی لە تەنیشت خانی عوسمان کەردز بووە، خەلکی ناوچەی کەندیناوە بە کەروبار گەچیان دەهینا بە تایبەتی بندیانەکان (بندیان عەشیرەتیکی دەشتی هەولیرە لە کەندیناوە بە تایبەتی لەم گوندانە ژیاون: خدرجە، ئازی کەند، لاوەر، دیمەکار.. و گوندەکانی تر، گوایە چەند بنەمالەیەکی دیان "گاور" بووینە، لە هەرمۆتەی کۆیە دابەزیوون و ئیسلام بووینە).

٥-خانی ئەحمەد: ئەم خانە شوینەکەی نزیك چیشتخانەی (تاجریان)ی ئیستا بووە، گەنم و جۆ و سەوزەی بەهارانی دەهاتیَ.

٦-خانی قۆجە: ئەو خانە شوینەکەی بەرامبەر گۆرەپانی یانەی فەرمانبەرانی کۆنەو پیش دەرگاکەی بەرز بووە. ئەو خانانەی کە باسمان کردن، هەندیکیان خاوەنەکانیان بە کرییان دەدا، بەرامبەر بە کریی مانگانە، یاخود سالأنە یان خاوەنەکانیان خۆیان بەریوەیان بردووە.

شارەوانی هەولیریش جاران خانیکی تایبەتی بەکریَ گرتبوو، (..) لە بەرامبەر بەنزینخانەی بازاری ئیستا، کە شارەوانیش لە بەرامبەر باخی شار بووە، نهۆمی خوارەوەی خانەکە تەرخان کرابوو بۆ راگرتنی گویدریژی خاوەنکەرەکانی شارەوانی. رەنگە وەك من بۆی دەچم، دەبی شوینی دووەم پیش شەری جیهانی یەکەم بوویَ و شوینی یەکەم لە بیستانەکان بوویَ.

لە خانەکان زۆر جار خمچی کاریان دەکرد بە تایبەتی جلی ئافرەتانیان لە خم دەنا، خمچیەکان جوولەکە بوون. هەروەها خانەکان چیشتخانەیان لەبەر دەرگەیان لە نزیکەوە هەبووە.

# خانەکانی ناو شاری سلیمانی

لە کتێبی (شاری سلێمانی- بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نووسین و کۆکردنەوەی ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە، کە لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن- دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٨٧ لە (دار الحریە) چاپکراوە. چەند خانیکی لە لاپەرە ١٥٠-١٥١ تیدا باسکراوە، لیرە وەکو خۆ دەینووسینەوە:

١-خانی غەفوور ئاغای حاجی ئەولای گەورە: بەناوبانگ بو بە خانی میوژەکە یان خورماکە. بەرامبەر گومرگە سووتاو، دوایی کەریمی فەرەجە فەنی کری و پیشی کرد بە دوکان و پشتی کرد بە گەراج. ئیستا بازاری شوانە.

٢-خانی حاجی سەعید ئاغا- ساعیاغا- و براکانی: بەرامبەر خانی غەفوور ئاغا. ئیستا بووە بە بازاری سەیوان.

٣-خانە سووتاو: خانی حاجی رەشیدی سەعیدی قادر ئاغاو حاجی ئیبراهیم ئاغا- شوینی گەراجی شەعب.

٤-خانی غەفوور ئاغای حاجی ئەولای گەورە: تەنیشت خانی یەکەم (میوژەکە)، حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا کری و کردی بە بازاری مەحوی.

٥-خانی خوییەکە: تەنیشت گومرگە سووتاو، خاوەنی حاجی حەمەئاغای حاجی حسین ئاغا برای حاجی سەعیاغا لە دایکەوە.

٦-خانی ئاغا فتح الله، لەم دواییەدا تۆفیقە فەنی کوری روخاندی و تازەی کردەوە و بە بازاری تۆفیقە فەنیی ئاغا فتح الله.

٧-خانی غەفوور ئاغا: ئیستاکە خانی تازە بە تەنیشت قەیسەری نەقیبەوە، ئیستاکە خاوەنـەکانی کاکـە حەمـەی ئـەمینی عـەتار و حـاجی عـەلی و حـاجی ئــەولای فــەتاحی حـاجی ئـەولای حەمـە کـەرکووکی بـرای حـاجی مـەلا سـەعیدی کــەرکوکلی زادە بــووە. (میجەرسۆن) لەم خانەدا حوجرەیەکی گرتبوو بە کرێ تیایدا دەژیا.

٨-خـانی عەجـەم: خـاوەنی حـاجی سـەعیاغاو براکـانی بـوون، ئـەم خانـە کـەوتبووە سەروو خانی غەفوور ئاغا تا نزیك کۆپان درووەکان لە پشتەوە شــەقامی کـاوە تەنیشـت مالی مارف بەگ، باوکی فایەق بەگ تا نزیك ئەسحابە سپی.. وڵاخ بە بارەوە دەهـات لـە دەرەوە لـەم خانـەدا گومـرك دەکـرا. زەمـانی عوسمـانلی پییـان دەووت: گومرگـی ریــژی-زەمـانی (میجەرسـۆن) بـە میوانخانـەی میجەرسـۆن، پشــدەرییەکان و جافـەکان لــەویدا دادەبەزین، لەسەر حیسابی ئەو خزمەت دەکران..

# باسی هەندیك كاروانسەرای تر

هەروەها لە كتیبی (كورد لە میژووی دراوسیكانیدا- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی- وەرگیرانی سەعید ناكام) ناوی هەندیك كاروانسەرای كوردستان بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە:

١-لە لاپەرە ١٥ لە بارەی كاروانسەراكانی شاری مەلاتیە: لە هەمووان رازاوەتر خانی سیلاحدار مستەفا پاشایە، كە لە بروابیكراوەكانی سولتان مرادخان بووە، ئەم كاروانسەرایە سەد و حەفتا ژووری تیدایە كە سەرەكانیان بە گومبەز هاتۆتەوە. هەروەها دەروازەی ئاسنی تیخراوە و سالی دروستكردنی لەسەر دەروازەكە نووسراوە.

٢-لە لاپەرە ٤٨ لە بارەی كاروانسەراكانی دیاربەكر:

-كاروانسەرای بازاری ئەسپ: گومبەزەكانی بە مزی خۆلەمیشی رەنگ داپۆشراون و سەگوان و ساریجەی پاشای تیدایە، لە خۆیان بەولاوە هەر كەس ریی تیی بكەویّ سەگوانەكان وەكوو سەگ پری دەدەنیّ و لەتوكوتی دەكەن و ساریجەكان وەك زەرگەتە پیوەی دەدەن.


-خانی حوسنی پاشا: دەلیی قەلایەو نەمزانی كیّ بنیاتی ناوە. لە نزیك دەروازەی ماردینیش خانی بازرگانان هەیە كە زۆر جوان و خۆشە. ژووری پیشەكارانیشی زۆرە.

٣-لە بارەی خانەكانی بتلیس لە لاپەرە ١١١: نۆ خانی هەیە: خانی مەتافان، خانی شا، خانی خاتۆنیە، خانی خسرەوپاشا، خانی شەرەفخان و خانی گەورە لە سەر پرد.

٤-لە بارەی خانەكانی شاری وان لە لاپەرە ٢١٦: خانی گومرگ، خانی ئەحەد پاشای كورد، خانی قەپان.

بە داخەوە لەو چاوگانەی كە لەبەردەستمدا بوون، تەنها ئەو كەمە زانیاریانەم دەستكەوت، دیارە ئەمەش سوودی خۆی هەیەو پیموایە ئەو وەرگیرانەی دەولەمەندتر كرد.

# هەندێك لە شێوەكانی كەوانە




١)كەوانەی پەرابلی

٢)كەوانەی نیوەبازنەیی

٣)كەوانەی خڕ

٤)كەوانەی نالی (بەناوی نالی سمی ولاخ كراوە)

٥)كەوانەی سەبەتیی


٦)كەوانەی كراوە (یا كەوانەی ساجی نان وایە)

٧)كەوانەی تیژ (تیژكەوانە)

٨)كەوانەی تیژی داكشاو

٩)كەوانەی تیژی هەلكشاو

١٠)كەوانەی تیژی شاندار




١١)کەوانەی گەڵایی

١٢)کەوانەی لۆچداری هەڵکشاو

١٣)شانەکەوانەی داکشاو

١٤)شانەکەوانەی هەڵکشاو

١٥)کەوانەی لۆچداری داکشاو


١٦)کەوانەی تاسەیی

١٧)کەوانەی تاجیی


١٨)کەوانەی ملەقازیی

# هەندیك لە شیوەكانی گومەز

١)گومەزی سادە ٢)گومەزی قوچەكی ٣)گومەزی تونیلی سادە ٤)گومەزی سێ تـیریژی ٥)گومەزی چوار تیریژی ٦)گومەزی ئەستیرەیی ٧)گومەزی تونیلی تـەویلدار ٨)گومـەزی تونیلی تەویلداری لوتكە قوت ٩)گومەزی خاچی.




## هەندیك لە بەشەكانی خانوو










بەشەكانی دەروازە

# پەراویزەکان

1-Sarre, Reise in Kleim asin 1895.

٢-پیوەرپەت: شریط القیاس Massband

٣-شوش شاریکی کۆنینەیە لە خوارووی ئیران لە هەریمی خوزستان و لە خوارووی شاری دزفول، پایتەختی ئیلامیەکان بووەو لە سالی ٦٤٠ی بەر لە زاین ئاشورپانیپال ویرانی کردووە، لە سەردەمی داریوشی یەکەم پایتەختی ئەخمینیەکان بوە. ع. د.

٤-شاریکی کۆنینەی ئاسیای ناوەراستەو پایتەختی ولاتی کۆنی لیدیا بووە. لە سالی ٥٤٧ بەر لە زاین فارسەکان داگیریان کرد، دوای پاتشای لیدیا ناوی (کریزوس) بووە. ع. د.

٥-شاریکی کۆنی گریکی بووە، تا هاتنی ئیسلام مەیدانیکی بازرگانی باش بووە. ع. د.

٦-کۆروشی پاشای فارسەکان (دەبیت کۆرشی دووەم بیت؟؟). ع. د.

٧-وشەیەکی یۆنانیە بە مانای میوانخانە. ع. د.

٨-من وای بۆ دەچم، کە ئەو وشە پەیوەندییکی دوورو نزیکی لەگەڵ وشەی "ژەم"ی کوردی هەیە، واتە ئەو بنکانە شوینی هەسارنەوە و ژەمەکانی خواردن بوونەو ریبواران ژەمەکانیان تیدا خواردووە، بە تایبەت ئەگەر ئەوەش بینینە بیری خۆمان کە دوو جەژنی کوردی لەناو کاکەیی و ئیزدییەکان بەو ناوە هەن، کی نالێ وشەی جەمعی عەرەبیش لە وشەی کوردی (ژەم) و (جەم) سەری هەلنەداوە، بۆ ئەو مافە بە خۆمان

نەدەین، ئەدی نەتەوەی کورد یەکێك نیە لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە، ئەدی کوردستانی ئیمە لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی نەبووە بە پیی کتیبە پیرۆزەکان. ع. د.

9-Saare und Heryfeld: Archaeologische Reise im Euphrat- und Tigrisgebiet. Band II. 6. S. 187 ff.

١٠-دیارە کە لەگەڵ وشەی "خان" و "خانوو"ی خۆمانە دەچنەوە سەر هەمان بنەگەی زمانی مرۆڤ. ع. د.

١١-C. Gurlitt. Die Baukunst Konstantinopels. Berlin 1912 S 48.

١٢-Bruennow u. Domasyewski: Die Provincia Arabia, II S 87 ff.

١٣-ئەگەر نەتەوەیەك بێ دەوڵەت بوو، هەموو سامانی کەلتووری دەکەویتە بەر مەترسی، لیرەش دەبینین جۆری ئەو هەیوانە کە بە تایبەت لە خانووی کلاسیکی کوردی وەکو ئیلیمینتیك هەزارەها سالە هەیە، بەڵام بە هەیوانی عارەبی بە ئیرانی ناودەبریت و باسی کورد لە کولەکەی تەریشا بە خەیال نایەت. ئەو ساڵانەی کە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلوولی کوردستانی باشوور، حکومەتی رەگەزپەرستی بەعس هەزارەها ماڵە کوردی بۆ خوارووی عیراق گواستەوە، لەوێ کوردەکان هەموو بوون بە وەستای خانووبەرە و زۆر کویرە دێی خوارووییان بە مۆرکی خانووی کوردی ئاواکردەوە، لە سایەی جوامیری عەشیرەتە عەرەبەکان و لە سایەی دەسترەنگینی کوردە ئاوارەکان لە خانوو بەرە دروستکردن، کە بۆ خەلکی ئەوێ شتیکی سەرنجراکیش بوو، ریز و خۆشەویستییەکی زۆریان نیشان دەدرا. ئەو باسەم لە گەلیك لەو کوردانە بیستووە کە بۆ عەرەبستانی عیراق دوورخرابوونەوە. ع.د.

14-ebenda S. 81 ff.

15-Oppert, Expedition scientifiqe en Mesopotamie 1851- 1854, vol. 1.

١٦-زاراسینەکان: ناوی تیرە گەلیکی کۆنینەی سەرووی عەرەبستان بووە، پاشتر لە سەردەمەکانی ناوەراست ئەو وشەیە بە هەموو گەلە موسلمانەکانی رۆژهەلاتی نزیك گوتراوە. ع. د.

١٧-لەوانەیە بەدرەددین لوئلوئ بیت؟. ع. د.

١٨-راسته يان هيلى وەرگەران، بريتيه لەو هيلەى كه هەموو خالى وەرگەرانى برگه كەوانەكانى ميچه توونيلەكانى دەكەويته سەر.

١٩-E. Diez. Churasnische Baudenkmaeler S. 22.

٢٠-هەمان چاوگ ل: ٨٥/ ٨٦.

٢١-ئاسياى بچووك: زاراوەييكى سياسيه نيوەدورگەى نيوان دەرياى ناوەراست و دەرياى رەش دەگريتەوە. ع. د.

22-Sarre, a. a. O- Lanckoronski. Stadte Pamphyliens u. Peisiens.

٢٣-Sarre, a. a. O., S. 10,11.

٢٤-گۆرگۆن، جانەوەريكى مييينيه له ئەفسانەكانى يۆنانى، كه له جياتى پرچ سەرى به كۆمەليك مارى له يەك ئالأو داپۆشراوە. ع. د.

٢٥-جۆرە كەوانەييكه كه لاسايى شيوەى گياى سيپەره كراوەتەوە. ع. د.

٢٦-له گوندەكانى دەشتى هەولير و هەندێ شوينى ترى كوردستان هەموو سەربانى خانووەكان به شيوەى زين دروست دەكران و پييان دەگوت (خانووى جزيرى)، تەنها بەشيك به سەربان تەخت و كەميك ليژ بۆ خەوتنى هاوينان دروستدەكران، پييان دەگوت سەربانى شارستانى، ئايا لەبەرچى ئەو شيوە سەربانه بۆ شار نەگواستراوەتەوە، له كاتيكدا ئەم مۆديله (جزيرى) له هەموو گوند و شارەكانى ئەوروپا تا ئەمرۆش پيادەدەكرێ و له رووى ئارشيتيكتۆرييەوە ديمەنيكى جوانى هەيه. ع. د.

27-Texier et Pullan. L architecture byzantine. De Beylie, L habitation byzantie.

٢٨-هاوينى ١٩٩٤ كه بۆ دووەمين جار، جارى يەكەم له ١٩٩٢ تەنهاو ئەو جارەش له دواى چوارده سال ئاوارەيى لەگەڵ خيزان و منالەكانم سەفەرى كوردستانى باشوورم كردەوە، ئەوكاته به داخەوە به هۆى شەرى ناوخۆى نيوان پارتى ديمۆكراتى كوردستان و يەكيتيى نيشتمانيى كوردستان بارەكه زۆر ناخۆش و ناجيگير و دلتەنگ بوو، خزم و منالەكانم كه سەفەرى يەكەمينيان بوو بۆ كوردستان و ئەو بەهەشتەيان نەديت كه من سالەهاى سال له ئەنديشەى ئەوان بنياتم نابوو، وەكوو هەموو كورديك زۆر خەمبار بووين، به ناچارى ده رۆژ زووتر له نەخشەى سەفەرەكەمان ئەويمان جيهيشت،

گەراینەوە کوردستانی باکوور و هەفتەیـەك لـە شـاری ئامـەد لـە جوانـترین میوانخانـەی شارەکە ماینەوە، کە ئەو میوانخانـەش کاروانسـەرای دەلالی دلگیر و کۆنینەیـەو کراوەتـە هوتیل، بیناکە نزیکە وەك خۆی ماوەتـەوە و کـەم دەسـکاری کـراوە، دانیشـتنی ئیـوارەی حەوشـە دلفرینەکـەی و دیمـەنی تـاق و دیـوارە جوانـەکانی میـوان حـەیران دەکـەن، لـە ناوەندی حەوشە نافورەیەکی ئـاو هـەبوو، ئیـواران شـووتییکی ئامـەدیان بـە شـیوەیەکی هونەری کلۆردەکرد و دەیانخستە سەر ئاوی نافورەکە، دیمەنیکی زۆر دلکیشی هەبوو، بە داخەوە ئیمە دلمان تەنگبوو، یەك بە هۆی بەجیهیشـتنی هـەولیر بـەو جۆرەو دوو بـە هۆی دیمـەنی جموجلی جەندرمـەی تـورك و سـەربازەکانی لـەناو ئـەو شـارە پایتەختـە دیرینەی کوردستانی لەتلەتکراومان. ع.د.

29-Pascal Coste, a. a. O., S 27.

30-Saare, a. a. O., S 23.

٣١-لە ئەلمانیەکەش ناوی ئەو خانە هەر بە کوردی هاتووە، دیارە لە بنەرەتەوە ناوەکەی کوردی بووە.

32-H. Saladin, a.a. O., ABB 116.

٣٣-سینان (١٤٨٩-١٥٧٨) بەناوبانگترین ئەندازیاری بیناسازی تورك بوە و خاوەنی قوتابخانەیەکی بیناسازی (ئارشیتیکتۆری) تایبەت بووە. مزگەوتی سلیمانیەی ئەستەنبول و مزگەوتی سەلیمییەی ئەدەرنە لە بەرهەمی ئەون. ع. د.

34-Sarre u. Herzfeld, a. a., O., II ff Grundriss Abb, 218

٣٥-بازیلیك لە کۆنە وشەی لاتینـی (Basilica)وە هـاتووە، کـە هـەمان مانـای کادیـترال، هۆل، یان ساختومانیکی قەشـەنگو بـە زریقوبـاق دەدات. هـەروەها ئـەو وشـە لـە زمـانی گریکی لە شیوەی (basilke) جیی خـۆی گرتـووە، کـە بـە مانـای هـۆل یـان دیوەخـانی پاشایی دیت. لە زانستی هونـەردا ئـەو مانایانـە دەدات: کلیسـاکانی سـەرەتایی گاوریـەت، یان کلیسایێك کە هۆلیکی بەرزی لە شیوەی بازیلکا هەبیت. ئەو شیوازە دەگەریتەوە بـۆ بیناکانی چاخی رۆمی – گۆتیك. ع. د. (لە ئینسکلۆپیدیای بارۆك).

٣٦-لەوانەیە مانای موختار بدات.

37-H. Wilde, a.a. O. mit Abb.

38-Saare, a.a. O,

39-دەلاقە لە پـال تاقچکە یەکیکـە لـە توخمـە گرنگـەکانی هونـەری ئارشـیتیکتۆری لـە خانویی کوردەواری، کە دیمەنیکی جوان و سەرنجکیش دەدەنـە ئارشـیتیکتۆری نـاوەوەی ژوورەکان و بۆ بەکارهینان و سوودلیوەرگرتنیش زۆر گونجـاو و پراکتیکن. بـە داخـەوە ئەو رووەش وەك بانی زینی (جەزیری) بـە هـۆی چاولیکـەری لـە خـانووی رۆژئـاوایی و هەروەها بە هۆی پەیدابوونی کانتۆرو هەرزالـەی جۆراوجـۆر بـە تـەواوی بـەرەو نـەمان چوون. خۆزگـە خـاوەن خـانوو ئـەندازیارانی لای خۆمـان ئـەو ئیلیمینتانـەیان زینــدوو دەکردەوە.

# ناوی چاوگەکان

1. G. L. Bell: Amurath to Amurath. London 1911.
2. Général L. d. Beylié: L'habitation byzantine. Paris 1903.
3. Brünnow und von Domaszewski: Die Provincia arabia. II. Straßburg 1905.
4. J. S. Buckingham: Reisen in Mesopotamien. Berlin 1828.
5. Cicero: Briefe an Attikus.
6. Pascal Coste: Monuments modernes de la Perse. Paris 1867.
7. A. Cunningham: Report of a tour in the Punjab in 1878—1879. Archaeological Survey of India. Volume XIV. Calcutta 1882.
8. E. Diez. Churasanische Baudenkmäler I. Berlin 1918.
9. Expédition scientifique en Mésopotamie 1851—1854 par Fresnel, Thomas, Jules Oppert. Paris.
10. Franz Pascha: Die Baukunst des Islam. Handbuch der Architektur. Darmstadt 1886.
11. Cornelius Gurlitt: Die Baukunst Konstantinopels. Lieferung V. Berlin 1912.
12. Geschichten des Herodotos (übersetzt von Fr. Lange). Leipzig.
13. Karl Graf Lanckoronski: Städte Pamphyliens und Pisidiens. Wien 1890.
14. Die Reisen des Venezianers Marco Polo im 13. Jahrhundert. Hamburg.
15. O. Reuther: Das Wohnhaus in Bagdad und anderen Städten des Irak. Beiträge zur Bauwissenschaft, herausgegeben von C. Gurlitt, Heft 16, Berlin 1910.
16. H. Saladin: Manuel d'art musulman. I. L'architecture. Paris 1907.
17. F. Sarre: Reise in Klein-Asien, Sommer 1895. Berlin 1896.
18. F. Sarre und E. Herzfeld: Archäologische Reise im Euphrat- und Tigrisgebiet. Berlin 1911 und 1919.
19. Ch. Texier et P. Pullan: L'architecture byzantine. London 1864.
20. H. Thiersch: Pharos, Antike, Islam und Occident. Leipzig 1909.
21. H. Wilde: Brussa. Beiträge zur Bauwissenschaft, herausgegeben von C. Gurlitt, Heft 13, Berlin 1909.